# زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

**بەڕێز جەنابی کاک عیماد احمد (جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**بەڕێز د. علی سعید (وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی)**

**بەڕێز کاك بەهرۆز قەشانی (پارێزگاری سلێمانی)**

**سەرجەم ئامادەبووانی بەڕێز..**

بە ناوی ئەنجومەنی باوەڕمەندانی زانکۆ، ئەنجومەنی کارگێڕی زانکۆ، مامۆستا و ستاف و فێرخوازانی زانکۆوە، بەخێر هاتنتان دەکەم بۆ مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا. هاوکات لە سالّیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و جەژنی نەورۆز و هەروەها دیاریکردنی شاری سلێمانی وەك پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان، ئێمە مەراسیمی دانانی دەزگایەکی تری پەروەردەیی لە شاری سلێمانی سازدەکەین.

**بەڕێزان،** کاتێك باسی پەروەردە دەکەین، چەند ڕێکەوتێکی گرنگ هەن کە پێویستە هەمیشە لە یادمان بن. وەك:

١. دروست بوونی شاری سلێمانی لە ٢٢٩ سالّ پێش ئێستا کە بوو بە لانکەی سەدان گەورە شاعیر و نوسەری کورد.
٢. کردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدیە ١٢٠ سالّ لەمەوپێش.
٣. کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کچان سالّی ١٩١٥.
٤. دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی سالّی ١٩٦٨.

**بەڕێزان،** ڕۆڵی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکدا ئاشکرایە. نموونە ئەوەش ئەوەیە کە چۆن لە وولآتانی وەك کۆریای باشور، مالیزیا، ئەفریقای باشور، ئەرجەنتین و بەڕازیل چاکسازی لە پەروەردەدا کرا و لەماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵ بووە هۆی گۆڕینی باری ئابووری و گوزەرانی کۆمەڵگە.

**بەڕێزان،** هەموو دەستکەوتێك لە سەرەتادا لە بیرۆکەیەکەوە دەستپێدەکات وە هەر بیرۆکەیەکیش پێویستی بە پشتگیری هەیە.بیرۆکەی دامەزراندنی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەمریکا دروست بوو، دوای ١٢ ساڵ لەلایەن چەند کەسایەتییەکی دیارەوە تەبەنا کرا. لەساڵی ٢٠٠٩ مۆڵەتی پێدرا ، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ دا ئەم زەوییەی پێدرا بۆ دروستکردنی کەمپی داهاتوو. پاشان مۆڵەتی وەرگرتنی فێرخواز لە پایزی ساڵی ٢٠١٢ دا دەستی پێکرد.

**بەڕێزان،** هەموو زانکۆیەکی بەناوبانگ شانازی بە دەستکەوتی مامۆستا و فێرخوازەکانییەوە دەکات. ئێمەش وەك زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنەلۆجیا بەو تەمەنە کورتەی خۆمانەوە شانازی دەکەین بە:

١. زانکۆکەمان یەکەم شەریکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بوو بۆ فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر لە کوردستان و شاری کەرکوك.

٢. هەر لەسەر ئەو بنەمایە زانکۆ بوو بە یەکەم سەنتەر لە هەموو عێراقدا بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پیشەیی بەپێوەری نێودەوڵەتی.

٣. پێنج ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ زانکۆکانی جیهاندا.

وەك سەرۆکی زانکۆ ئەمەویت ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێك خاوەنەکانی زانکۆ لەبەردەم هەڵبژاردنێکدا بوون لە نێوان زیانی ماددی و مەسڵەحەتی فێرخوازدا: مەسڵەحەتی فێرخوازیان هەڵبژارد.

**بەڕێزان،** دیدی زانکۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگەیە لەڕووی زانستی و پرۆفێشناڵیەوە تا بتوانێت بەشێوەیەکی سەردەمیانە و ستانداردی نێودەوڵەتی خزمەتی کوردستان بکات. بۆیە ئێمە پێمان وایە زانکۆ لە ئێوەوە بۆ ئێوەیە. هەر بۆیە پێویستمان بە بەشداری و پشتگیریی هەمووتانە لە هەر هەنگاوێکدا .

**لە کۆتاییدا** بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانە بکەم کە لە ماوەی رابردوودا هاوکاری و کارئاسانییان پێشکەش کردوین بۆ سەرهەڵدانی زانکۆ و ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە. لەوانە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی و چەندین کەسایەتی جۆربەجۆر.

دووبارە هەمووتان بەخێر بێن بۆ کەمپی داهاتووی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا. سوپاس بۆ ئامادەبونتان.

**د. سەلاح عەزیز**

**سەرۆکی زانکۆ**

**٢٠١٣/٣/٢٨**